# پڕۆژەی ویلایەتی موصڵ چی بوو چۆن شێوێنرا




ولاية الموصل.. البؤرة الملتهبة ١

خط برلين-بغداد يقود إلى آبار نفط كركوك





ئەنتۆن کیلەرو سەرار پشدەری و پڕۆژەی ویلایەتی موصڵ

یەکیەتی و پارتی و عومەر سورچی و حیزبی پارێزگاران هۆکاری شێواندن و بەلارێدا بردن و دزینی پڕۆژەکە بوون.

لە سەروبەندی شەری کەنداودا، لە ١٩٩١، ئێمە بەپێچەوانەی بەرەی کوردستانی کە لەسەنگەری صەدام حوسەین دابوون دژ بە هاتنی هاوپەیمانان، ئێمە خۆمان هاویشتە ناو سەنگەری هاوپەیمانان بەداوای دابەشکردنی عێراق و سەربەخۆیی کوردستانەوە، کۆمەڵێک پڕۆژەی جوراو جۆرمان پێشکەش کردن، ئاوارە بوونی کوردەکان و ماچوموچەکەی بەرەی کوردستانی لەگەڵ صەدام حوسەین دا، دەرگای هاوپەیمانانی زیاتر بۆ ئێمە کردەوەو پڕۆژەکانیان پەسند کردین.

وەک لەو لینکەی ئەنتۆن کیلەری مافناس، لە کۆتایی لاپەرەی یەکەم نیشان دراوە لە سەرەتای مانگی پێنجی ١٩٩١ دا، ئەمەریکیەکان ئەو مافناسە (ئەنتۆن کیلەر) یان بە من ناساندو وتیان ئەو مافناسەمان راسپاردوە کە کارت بۆ بکات و هاوکاریت بکات بۆ بەرەو پێش بردنی پڕۆژەکانت:

http://www.solami.com/a33b.htm

**we were all but favourably inclined to lend a helping hand when two American colleagues, Patrick Martin and Philip Wainwright, brought an exiled Kurdish leader into contact with the editor in May 1991. Here again, the jury is still out on whether or not we should have followed our gut reaction.**

ئێمە بەتێکرا شەو رۆژ بەیەکەوە بووین لەماڵەکەی ئەنتۆن کیلەر و دەگەراین بەدوای رێگایەکی یاسای دا بۆ دابەشکردنی عێراق و سەربەخۆیی ئەو بەشەی کوردستان و بەرەوپێش بردنی پرۆژەی نەوتەکە، ئەمەریکیەکان و ئەنتۆن کیلەر، رۆیشتنە ناو ئەرکیفی نەتەوەیەکگرتوەکان و عەصبەتوالامم، بۆ بەدواداچوون لە شێوازی دروستبوونی عێراق، بەمنیان گووت دەبێ بزانین عێراق چۆن دروست بووە بۆ ئەوەی لەوێدا خاڵە یاسایەکەن بدۆزینەوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆیان دەرکەوت کە یەک گرتنی ویلایەتی موصڵ لەگەڵ هەردووک ویلایەتی بەغداو بەصرە بۆ دروستبوونی عێراق، پەیوەندە بە رازی کردنی کوردەکان، دەوڵەتی عێراق لە عەصبەت والامم ئیمزای کردوە، ئەگەر نەیتوانی کوردەکان رازی بکات بۆ مانەوەیان لەناو عێراقدا، دەتوانن داوای سەربەخۆیی بکەن، لێرەوە خاڵی یاسای دۆزرایەوەو هەرسێک لامان (ئەمەریکیەکان و ئەنتۆن کیڵەر) دەستمان کرد بە دارشتنی پرۆژەی ویلایەتی موصڵ.

http://www.solami.com/rebirth.htm

Finally, when the UN library opened again on January 16, 1992, I found within one hour the key document which I was looking for. After this discovery more and more people became interested in the idea of the Mosul Vilayet concept. Indeed, there are formal reservations and international minority protection and private property guarantees written into Iraq's basic Declaration of 30 May 1932 (.../a3a.htm#DECLARATION). It is still valid in international law, and it is still fully binding and takes precedent over any Iraqi constitution and laws. This was an enlightening moment for me. But it has also proven to be a sobering one for all concerned, when considering the many-facetted resistance by the powers that be when it came for them to recognize, explore and eventually apply these international guarantees.

لەگەرانەوەمدا بۆ کوردستان بۆ ئاشکرا کردنی پرۆژەی نەوتی کوردستان، پرۆژەی ویلایەتی موصلم لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ و کاک مەسعودو کاک رەسول مامەندو کاک حەمەی حاجی مەحمود و مام جەلال باس کرد، کاک مەسعود پێی وتم، ئیمە پشتگیری ئەو پرۆژە ناکەین و نامانەوێ عێراق دابەش بکرێ، مام جەلالیش لەبەردەم مامۆستایانی زانکۆ پێی وتم باسی ئەو پرۆژەیە مەکە خەتەرە چونکە تورکیا بۆخۆی داگیری دەکات، ئەوانی تر هەموویان پشتیوانی خۆیان دەربری.


AL-HAYAT FRIDAY, 24 JULY, 1992 ISSUE NO 10758

الجمعة ٢٤ تموز (يوليو) ١٩٩٢ الموافق ٢٤ محرم ١٤١٣هـ/ العدد ١٠٧٥٨

طالباني: يمكن لكردستان العراقية ان تصبح جزءاً سياسياً من تركيا

انقرة - من عصمت إمست:

■ صرح السيد جلال طالباني الامين العام للاتحاد الوطني الكردستاني بأن المستقبل غامض بالنسبة الى شمال العراق الذي يواجه خيارين: «اما ان يصبح جزءاً من العراق او من دولة أخرى في الشرق الأوسط (...) على اساس تغيير التحالفات والسياسات وليس الخريطة». وحدد تركيا وايران وسورية كدول يمكن ان تصبح حامية لكردستان العراقية. لكنه اعتبر تركيا المرشح الاقوى لهذا الدور.

مام جەلال لەلایەک ئاوای بە من دەگووت و لەلایەکیش عەومەر سورچی و کورەکانی و حیزبی پارێزگارانی هاندا، بۆ ئەوەی لێم نزیک ببنەوەو پرۆژەکەم لێ بدزن، بۆخۆشی ناراستەو خۆ ویلایەتی موصڵی پێشکەش بە تورکیا کرد.

لەگەشتی یەکەم و دووهەم و سێهەمم دا، کاک حەمە صدیقی محامی کە سکرتێری حیزبی پارێزگاران بوو، لەگەڵ هەردووک کوری کاک عومەر سورچی (زەید و نەجم) چەند جارێک لەگەڵ جەمال ئاغاو دکتۆر عیزەدین مستەفا هاتن بۆ لام بۆ هوتێل، بەدرێژی باسی پرۆژەکانم بۆ کردن، بەتایبەتی پرۆژەی ویلایەتی موصل و پێم گوتن کە عەشایری کوردستان دەتوانن رۆڵێکی گرنگیان هەبێ لەبەرەو پێش بردنی پرۆژەی ویلایەتی موصل دا، من بەدڵێکی پاکی کوردایەتیەوە هەموو شتێکم بۆ روون دەکردنەوە، کورەکانی کاک عومەر سورچیش بە دڵێکی پیسەوە پیلانیان دادەرشت کە چۆن ئەو پرۆژە لەدەست من دەربهێنن، لەلایەک بۆ بەدەستهێنانی پارەو لەلایەکی تریش بۆ خاوێن کردنەوەی رابردووی خۆیان لە جاشەتی و دزینی کەرەسەی سەدی بێخمە.

لە مانگی چواری ١٩٩٢، لە لەندەن بووم و کاک عومەر سورچی تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی من لەلەندەنم و پێم خۆشە بتبینم، منیش گوتم خۆشحاڵم وا دێم بەدواتدا دێنەوە ماڵەوەو نانێکیش بەیەکەوە دەخۆین، ئەویش خۆشحاڵی خۆی دەربری و چووم بەدوایداو هاتینەوە ماڵی خۆمان، دوای قسەو باسێکی زۆرو شیکردنەوەی پرۆژەی ویلایەتی مۆصڵ بۆی، لەسەر مێزی نان خواردنەکەمان کلێشەی پرۆژەکەی ویلایەتی موصلم دایە کە ژمارە تەلەفۆنی مافناسەکە (ئەنتۆن کیلەری) پێوە بوو، ئەو ئاغا بەرێزە، دوای ئەوی کە ژمارە تەلەفۆنەکەی بە کلێشەکەوە دیت، پارووەکەی بەپەلە قوت داو وتی ئیشم هەیە دەبێ برۆم، ئیشەکەشی ئەوە بوو، بەبێ من، پەیوەندی بە مافناسەکەوە کرد بۆ ئەوەی بروات بی بینێ، سواری تەیارە بوو و رۆیشت بۆ لای، پێی گوتبوو: (من سەرۆکی هەموو عەشایری کوردستانم و گەورەترین دەوڵەمەندی کوردم و سەرۆکی حیزبی پارێزگارانم و دۆستی نزیکی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیم)، (وەک لە کوردەواریدا گوتراوە: نانییش دەخواو ناندێنیش دەدرێ)، سەردار پیاوێکی بێ کەس و بێ تواناو بێ پارەیە، توانای بەرێوەبردنی ئەو پرۆژانەی نیە، پێویستە ئێوە لەگەڵ من بێنە پێشەوەو من

بکەنە بەڕێوەبەری پرۆژەکان، مافناسەکەش تەنها گوێی بۆ گرتبوو هیچ بڕیارێکی بۆ نەدابوو، چونکە ئەو هیچ کارە نەبوو.

لەسەرەتای مانگی پێنجی ١٩٩٢ دا، سەرکردایەتی حیزبی پارێزگاران هاتبوون بۆ ئەنقەرەو لە چاوەروانی دەعوەتی سعودیەدا بوون بۆ سەردانی سعودیە، چەند دۆستێکی منیان لەگەڵ بوو وەک (مقەدەم عەزیز عەقراوی و شێخ سالاری حەفیدو عەبدوالقادر بریفکانی و حوسەینی حەمەسور ئاغا)، ئەوانە تەلەفۆنیان بۆ کردم و وتیان کۆمەڵێکی زۆر لەکەسایەتیە کوردەکان هاتوینە ئەقەرەو پێمان خۆشە بتبینین، منیش پێم ووتن، لە حەفتەی داهاتوودا لەگەڵ کۆمپانیای نەوتەکە بەرەو کوردستان بەرێ دەکەوین و لەرێگا لادەدەینە لاتان.

لە ١١ – ٥ – ١٩٩٢دا لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیای نەوتەکەو چەند رۆژنامە نوسێک و ئەنتۆن کیلەری مافناس بەرێ کەوتین بۆ ئەنقەرە، لەوێ رۆیشتینە ئەو هوتێلەی کە ئەو کۆمەڵە کوردەی حیزبی پارێزگارانی لێ بوون، دوای دانیشتن و گفتووگۆیەکی زۆر، هەموو لایەکیان بە تێکرا پشتیوانی خۆیان بۆ پرۆژەکانی من دەربڕی، هەر لەوێ کلێشەی پرۆژەی نەوتەکەم دایە زۆریان.

http://www.solami.com/a31.htm#SELF-DETERMINATION

6. *declare* the Kurdish self-help "Project BACKDOOR" to constitute a priority project which is fully supported by all Kurdish Tribes and by the entire Kurdish population:

(تێبینی: "Project BACKDOOR" مانای پرۆژەی پشدەرە، کە نازناوی پرۆژەی نەوتەکە بوو).

بۆ رۆژی دوایی، من بە دڵێکی پاکەوە، مافناسەکەم لەلای ئەوان بەجێهێشت بۆ ئەوەی هەندێ قسەم بۆ لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەو ناوەوەی تورکیا بکات، بەڵام کاک عومەر سورچی بەدەرفەتی زانی بۆ داگیرکردنی پرۆژەکە.

من لەگەڵ کۆمپانیای نەوتەکە بەرەو کوردستان بەرێ کەوتم، کاک عومەر سورچیش، تەلەفۆنی لەگەڵ مام جەلال دەکات و پێی دەڵێ قەڵەم و کار راپەرێنەکەی سەردار لەلای منە، مام جەلال لەگەڵ مافناسەکە دەدوێت و مافناسەکە پێی دەڵێ دەبێ هەموو لایەکتان پشتگیری لە پرۆژەکانی سەردار

پشدەری بکەن، ئەویش پێی دەڵێ وام پێ باشە پڕۆژەکەی ویلایەتی موصڵ بەناوی حیزبی پارێزگارانەوە بڵاو بکەیتەوەو منیش کاک سەردار رزای دەکەم.

لێرەوە بە مام جەلال و کاک عومەر سورچی، دوور لە ئاگاداری من، مافناسەکەیان فریوداو پڕۆژەی ویلایەتی موصڵیان بەناوی حیزبی پارێزگارانەوە بڵاو کردەوە.

http://www.solami.com/mvc.htm

At the conclusion of their meeting in Ankara they adopted on 15 May 1992, the fundamental *Declaration of Self-Determination*, and they set up the *Mosul Vilayet Council* as *that territory's supreme authority in political*


3. Consideration of the Secretary's invitation to all Council members in a position to do so to either share the financial burdens of the work ahead (minimum US$ 500'000 for the next twelve months) with corresponding power sharing, or to confirm him as Secretary of the Council who, as jointly empowered Speaker of the Kurdish tribe leaders thus united, is pledged to effectively provide for the financing of these works.

available to those charged with executive functions.

Mohammad Sidik Hamood　Sheik Salar Hasan Hafeed　Omar Khedher Al-Sourchi　Anton Kelle

عومەر سورچی پەیمانی بە مافناسەکە دابوو کە نیو ملوێن دۆلار دابنێ بۆ سەرمایەی بەرەوپێش چونی پڕۆژەی ویلایەتی موصڵ، لەگەڵ ئەوشدا ئەنتۆن کیلەری مافناس، دوو دڵ بوو لە رازی بوونی من، نەشی دەتوانی بەناوی خۆیەوە پڕۆژەکە بۆ ئەوان بڵاو بکاتەوە، بۆیە بەناوی خێزانەکەیەوە بۆی بڵاو کردنەوە.

من لە کوردستان بێخەبەرم لەو جرتوفرتەی هەموو لایەکیان، شەوێک کاک محەمد صدیقی محامی کە سکرتێری حیزبی پارێزگاران بوو، لە ئەنقەرە گەرابۆوەو هات بۆ لام بۆ هوتێل لە هەولێر، لەو کاتەدا محەمد پێنجوێنی نوسەرو هەندێ برادەی ترم لەلا بوون، کاک محەمەد صدیق کەوتە قسە کردن و گوتی ئێمە پڕۆژەی ویلایەتی موصڵمان بەناوی خۆمانەوە بڵاو کردەوە ! منیش سەرم سورماو زۆر تورە بووم، پێم گووت بە کام ماف ئێوە پڕۆژەی من بەناوی خۆتانەوە بڵاو دەکەنەوە ؟، ئەو شیواندن و لەناو بردنی پڕۆژەکەیە، من بەهیچ شێوەیک رازی نیم و ناشهێلم ئەو کارەی کە ئێوەش کردوتانە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

لێرەدا پرسیار دێتە ئاراوە کە بۆ من دژی بانگەوازی پڕۆژەکەی حیزبی پارێزگاران راوەستام ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟:

١ – من پێم وابوو ئەو پڕۆژە پڕۆژەیەکی نەتەوەییەو نابێ هیچ حیزب و لایەنێک بیکاتە وەزەی خۆ گەورە کردنی خۆی.

٢ – من بریارم دابوو دوای سەرکەوتینی پرۆژەی نەوتی کوردستان، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەخوارووی کوردستان دروست دەکەین و ماف دەدرێتە کۆنگرەکە بۆ بڵاو کردنەوەی پرۆژەی ویلایەتی موصڵ و دەنگ لێهێنانی، چونکە کۆنگرە لە هەموومان گەورە ترو شەرعی ترە بۆ ئەو بانگەوازە.

٣ – من دژی ئەوە بووم کە لە تورکیا ئەو بانگەوازە بکرێت، بۆ ئەوەی تورکیا بۆخۆی داگیری نەکات.

٤ – من نەمدەویست پردێک لەداری گەندەڵ دروست بکەم و نەتەوەکەمی بەسەردا ببەم، ئەو کۆمەڵەی حیزبی پارێزگاران، هەر هەموویان رابردویان خاوێن نەبوو و هاوکاری رژێمی عێراق بوون لە کاتی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران، ئەوانە بۆ ئەوە نەدەبوون کە بەرێوەبەرایەتی پرۆژەی ویلایەتی موصڵ بکەن.

٥ – رابردووی ئەو کۆمەڵە رون و ئاشکرا بوو لە فرۆشتنی کوردو کوردستان، دەمزانی لەکۆتاییدا پرۆژەکەش دەفرۆشن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، کە لەکۆتاییدا واشیان کرد.

٦ - لەو کاتەداخوارووی کوردستان کرابوو بە دووبەش، (بەشی جەلال تاڵەبانی و بەشی مەسعود بارزانی)، من دەمویست پرۆژەکان، پرۆژەیەکی نەتەویی بن و بۆ هەموان بن، رازی نەبووم هیچ لایەکیان پرۆژەکان بکەنە وزەی بەرەوپێش بردنی لایەنەکانی خۆیان، حیزبی پارێزگاران سەر بە جەلال تاڵەبانی بوو و داگیرکردنی پرۆژەی ویلایەتی موصلیش ناراستەوخۆ لایەنی مەسعود بارزانی لەدژی رادەوەستا.

٧ – لەو سەردەمدا کاتی هەڵبژاردن و پێکهێنانی دەوڵەت و پەرلەمان بوو، دەنگ لێهێنان و بڵاو کردنەوەی پرۆژەی ویلایەتی موصڵ، بە پێچەوانەی دروست کردنی دەوڵەوت و پەرلەمان بوو.

دوای ئەوەی کە سعودیە وەڵامی حیزبی پارێزگارانی نەدایەوە، شانیان توند کرد لە دزینی پرۆژەکەو کۆ کردنەوەی ئیمزا بۆ بانگەوازەکەیان.

http://www.solami.com/a31.htm#SELF-DETERMINATION

نوێنەری کۆمپانیای نەوتەکە پێش من گەرایەوە بۆ لەندەن، پێم گووت لابدە لای هوتێلەکەی حیزبی پارێزگاران و بزانە بۆ ئەو کارەیان کردوە، کە چوبوو بۆ لایان،

بەتێکرا پێیان گوتبوو: لێرەبەدواوە ئێمە سەرۆکی کوردستانین و دەبێ معامەلە لەگەڵ ئێمە بکەی، دوای بیست ملوێن دۆلاریان لە کۆمپانیاکە کردبوو، ئەویش پێی گوتبوون بۆم بنوسن، ئەوانیش ئەوەیان بۆ نوسیبوو.

کە گەرامەوە بەرەو ئەوروپا، لەرێگا لام دایە ئەو هوتێلەی کە ئەو کۆمەڵەی حیزبی پارێزگارانی لێ بوون، ئەنتۆن کیلەرم جیا کردەوەو لێم پرسی تۆ بۆ ئەو کارەت کرد ؟، ئەویش وتی مام جەلال و عومەر سورچی بە منیان گوتووە تۆ رازیت، پێم گووت کارێکی هەڵەت کردوەو لێرەوە نێوانی من و تۆ کۆتایی هات، ئەویش وتی من ئەوانە وەک تایەی سەیارە بەکار دەهینم بۆ بەرژەوەندی پرۆژەکانی تۆ، منیش پێم ووت، من تایەی خراپ بۆ پرۆژەکانم بەکار ناهێم، بەجێمهێشت و گەرامەوە لەندەن، دوای ئەوە ئەمەریکیەکان هاتنە لام و داستانەکەم بۆ گێرانەوەو دڵگرانی خۆمم بۆ کاری مافناسەکە پێشان دان، ئەوانیش پێیان گووتم تۆ لەسەر حەقی و گوێ مەدەیە، نامەیان ناخوێنرێتەوە.


الاحد ٢١ ايار (مايو) ١٩٩٥ الموافق ٢١ ذو الحجة ١٤١٥هـ/ العدد ١١٧٧٧
AL HAYAT SUNDAY, 21 MAY, 1995 ISSUE NO 11777

طابع صراع اثني كردي – عربي.

... قد لا تكون تصريحات الرئيس ديميريل الاخيرة خاتمة المطاف في مسلسل «ولاية الموصل». ولعله ينبغي ان يشار في هذا الخصوص الى ان مغامرة صدام حسين في غزو الكويت خلقت وضعاً صار في ظله مباحا اي كلام عن مصير العراق ومستقبله، وهل يجب ابقاؤه موحدا او تقسيمه. فمثلا كان من افرازات الوضع الحالي لعراق ما بعد حرب الخليج ظهور حزب كردي عراقي باسم «حزب المحافظين» يدعو الى انضمام «ولاية الموصل» الى تركيا. وهو قدم اخيرا مذكرة في هذا الشأن الى الامم المتحدة.

ومن المشروع التساؤل، في هذا الصدد، ما إذا كان يمكن اثارة موضوع حدود العراق اصلا لولا العواقب الوخيمة التي ادت اليها سياسات المغامرة والتوسع والعدوان التي انتهجها صدام؟

والارجح اننا سنستمر في سماع كلام عن «ولاية الموصل» من ضمن خرائط وسيناريوهات عن تقسيم العراق، ما دام ان صدام جعله منقسما عمليا نتيجة لشنه العدوان على الكويت ومحاولته ضمها باعتبارها جزءا من «ولاية البصرة».

كامران قره داغي

کاک عومەر سورچی دوای ئیمزا کۆکردنەوەکە، کەوتە بازرگانی کردن بە پرۆژەکەی ویلایتی موصڵەوە، لەلایەک پەیوەندی لەگەڵ بەغدا کردو بە بەغدای دەگوت من بۆ شێواندنی پرۆژەکە ئەو کارەم کردوە، بەو هۆیەش خانەوەکەی بەغدای وەرگرتەوە، لەلایەکی تر پرۆژەکەی بە تورکیا فرۆشت داوای چەک و تەقەمەنی لە تۆرکیا کرد، رۆیشتە لای قەزافی و شەش ملوێن دۆلاریشی لە قەزافی وەرگرت، ٧٥ هەزار تەن گەنم و ١٥ هەزار جلوبەرگ و پێڵاوی عەسکەریشی لەفەرنسا وەرگرت، دارو دەستەکەی کە بەو شتانەیان زانی، لێی دڵگران بوون و بەجێیان هێشت.

مافناسەکەش بەردەوام بوو لەبەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی پرۆژەکە، عومەر سورچی و شێخ سالاری بردە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ شاهیدی دان لەسەر عێراق کە مافی مرۆڤی پێیشێل کردوە، عومەر سورچی ئەو پەیمانەی کە بەمافناسەکەی دابوو کە نیوملوێن دۆلار دادەنێ بۆ بەرەوپێش چونی پرۆژەکە، بەجێی نەهێناو پارەکەی نەدا بە ماف ناسەکەو بەقسەی تورکیاش نامەیەکی نوسی بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان

كە ئیمە دەمانەوێ ویلایەتی موصڵ لەگەڵ تورکیا تێکەڵ بکەینەوە، ئەوەش مافناسەکەی تورە کرد.

هەر لەو سەردەمەشدا ماڵی بارزانی ترسیان لێنیشت لەوەی کە عومەر سورچی سەربکەوێ و دەسەڵاتەکەیان لەدەست دەربهێنێ، ئەوانیش پارەیەکی زۆریان دایە داود داغستانی بۆ ئەوەی خۆی لە مافناسەکە نزیک بکاتەوەو لە عومەر سورچی دوور بخاتەوە، داود داغستانی وەک ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی پارێزگاران خۆی بە مافناسەکە ناساندبوو و پێی ووتبوو من دەمەوێ کودەتا بەسەر عومەر سورچیدا بکەم، مافناسەکەش چونکە لە عومەر سورچی دڵگران بوو، لەگەڵ داود داغستانی رۆیشتە پێشەوەو بەکاری هێنا بۆ دژایەتی عومەر سورچی، داود ئوتوبیلێکی بۆ مافناسەکە کرییوو و پەیمانیشی پیدا بوو کە ماڵێکی لە جنێف بۆ بکرێ بۆ ئەوەی وک ئۆفیس و شوێنی حەوانەوەی بەکاری بهێنێ، پێشنیاری پێ کرد کە ئەدهەم بارزانی بباتە ناو نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ شاهیدی لەسەر عێراق، مافناسەکەش پێی کارێکی باش بوو، چونکە باوکی ئەدهەم لەناو ئەنفال کراوەکان بوو، ماڵی بارزانیش بەو فێڵە ئەدهەم بارزانیان ناردە ناو نەتەوە یەکگرتوەکان و مافناسەکەیان لە عومەر سورچی دوور خستنەوە.

ماوەی سی ساڵ بوو من هیچ پەیوەندیەکم بە مافناسەکەوە نەمابوو، هەر لەو سەروبەندەدا کە دواد داغستانی لەدەوروبەری مافناسەکە بوو، لەسەرەتای مانگی دووی ١٩٩٥دا رۆژێک ئەمەریکیەکان لەماڵەکەم بوون کە مافناسەکە تەلەفۆنی بۆ کردن و لێی پرسین لە کوێن ؟، ئەوانیش وتیان لەماڵی سەردارین و زۆریش لێت تورەیە، ئەویش ووتی ئەگەر سەردار لێم تێبگات خۆی تورە ناکات چونکە من تائێستاش بۆ بەرژەوەندی پڕۆژەکانی ئەو کار دەکەم، پێم خۆش دەبێ بێت بۆ جنێف بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لە ئاهەنگی پەنجا ساڵەی نەتەوە یەک گرتوەکان و پرۆژەیەکی تازەم دارشتوە بۆ ئەوەی بۆ باس بکەم، ئەمەریکیەکان پێیان وتم نەرمی بنوێنەو بچۆ بزانە پڕۆژەکە چیە، منیش بۆ رۆژی دواتر رۆیشم بۆ جنێف و دیتم مافناسەکەو داود داغستانی هاتبوون بۆ فرۆکەخانە بە بیرمەوە.

من یەکەم جارم بوو داود داغستانی ببینم و بۆم دەرکەوت ئەو پیاوە بۆ سێ شوێن کار دەکات، بۆ (پاراستنی ماڵی بارزانی و پارتی کرێکارانی کوردستانی سەروو و بۆ موسادی ئیسرائیلی)، هەر ئیوارەی یەکەم بەفەرمانی پاراستن، نیەتی گوڵاوی خۆی

دەرخست بەرانبەرم بۆ ناشیرین کردنم، گووتی ئێوارە میوانی منن، لەگەڵی ڕۆیشتین و نەم زانی بۆ کوێمان دەبات، کاتێک چوینە ژورەوە دیتم ئیمەی بردە سەما خانەیەک، زۆرم پی ناخۆش بوو پشتم لەسەماکە کردو وتم نامەوێ هیچ ئافرەتێکم لێ نزیک بکەوێتەوەو من مەشروبیش ناخۆم، کاک داود پێی وابوو دەتوانێ مەستم بکات و هەندێ وێنەم لەگەڵ ئافرەتە سەماکەرەکان پێ بگرێ و بۆ دابەزاندنی وەزنی من بەکاری بهێنێ، بەڵام نەیتوانی، کاتێک لەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بە مافناسەکەی گووت نابێ سەردار ببیەوە ناو نەتەوە یەکگرتوەکان، مافناسەکەش پێی وتبوو، ئەمەریکیەکان منیان ڕاسپاردوە کە هەرچی لەدەستم بێت بۆ سەرداری بکەم، وەڵامی داودی نەدایەوەو بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان، داود هەر ئەو ڕۆژە ئوتومبیلەکەو کۆمپیوتەرە لاپتۆپەکەی لەماف ناسەکە دزی و بەمافناسەکەی گووت بەسەردار بڵێ ئوتومبیل و کۆمپیوتەرو خانوت بۆ بکرێ.




لێرەوە نێوانی مافناسەکەو داود داغستانی تێک چوو، داود داغستانیش پرۆژەکەی ویلایەتی موصڵی بەکار هینا بۆ هینانی هەندێ کورد بەپارە بۆ ئەڵمانیا، ئەو کارەی لێ ئاشکرا بوو و لە ئەڵمانیا بریاری گرتنی بۆ دەرچوو و ڕۆیشتەوە کوردستان بۆلای پاراستن، لەوێ دەمی زۆر خەراپ گەراوە بەرانبەرم.

من لەگەڵ مافناسەکە ڕۆیشتم بۆ ئاهەنگی پەنجا ساڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەهۆڵەکە دانیشتین، دوای ماوەیەک مافناسەکە ڕۆیشت و هاتەوە، پێی وتم ئاورێک بدەوە بزانە کێ لەو پێنج کەسە دەناسی کە لە دواتەوەیە، منیش ئاورم دایەوە،

هیچیانم لێ نەناسین، پێی گوتم ئەوە بارزانی برای سەدامە، (تێبینی: لەو کاتەدا بەرزان تکریتی نوێنەری عێراق بوو لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان)، ماناسەکە پێی وتم هەڵسە با بچین بۆلایان و بەیەکترتان بناسێنم، منیش وتم نایەم و نامەوێ بیناسم، ئەویش بە تەنها رۆیشتە لای بەرزان و هەندێ قسەی لەگەڵ کردو هاتەوە لای من، دیار بوو پێێ گوتبوو ئەوە سەردار پشدەریە، لێرەوە پرۆژەکەی بۆ باس کردم و گوتی: پێشنیارێکم خستۆتە پێش بەرزانی برای صەدام، بۆ ئەوەی بەرزان بچێتە جێگای صەدام حوسەین و رێگای بە سەربەخویی ویلایەتی موصڵ بدات، ئێمەش گەمارۆ لەسەر ئەو بەشەی ناوەراست و خوارووی عیراق هەڵبگرین، بەرزان پرۆژەکەی لەگەڵ صەدام باس کردوەو ئەویش پێی خراپ نیە، حەفتەی داهاتوو بەرزان دەگەرێتەوە بۆ عێراق، بۆیە پێم خۆش بوو یەکتر بناسن، منیش پێم ووت کەی لەسەر تەلەفزوێن بڕیاری جیا کردنەوەی ویلایەتی موصڵیان دا، ئەوکاتە دەست دەنیمە ناو دەستیان، ئاهەنگەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان تەواو بوو، من گەرامەوە لەندەن و پیم ووت ئەگەر پەیوەندی نەپچرێنی لەگەڵ دارودەستەکەی عومەر سورچی، ناتوام دریژە بەپەیوەندی بدەم لەگەڵ تۆ.

مافناسەکە زانی کە من نامەوێ لەبەرزان تکریتی نزیک ببمەوە، دوای رۆیشتنەوەی من، حەمە صدیقی محامی بەکارهێنا بۆ قسەکردن لەگەڵ بەرزان، وابزانم دوو بەدوو سەردانی بەغداشیان کردبوو، بەڵام لە کۆتایدا صدام گوتبووی سنووری راستەقینەی ویلایەتی موصڵم قبوڵ نیە، تەنها هەولێرو و دهۆک و سلەیمانیان دەدەمێ، منیش ئەوەم بەلاوە پەسند نەبوو.

مافناسەکە بۆ دروستکردنی کەیسێکی دادگایی بۆ ویلایەتی موصڵ، بەردەوام حەمە صدیق و شێخ سالاری حەفیدی بەکار دەهێنا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، منیش خۆم لێیان بە دوور گرت، چونکە دەمزانی بەبێ بریاری من بە هیچ شوێنێک ناگەن، وەک لەو راپۆرتەی کۆمپانیای نەوتەکەدا کە لە مانگی شەشی ١٩٩٢ نوسیویەتی، ئەمەریکا چرای سەوزی بۆ من هەڵکردوەو و باوەر بە دەوڵەت و پەرلەمانی کوردستان و کەنسڵەکەی عومەر ناکات و ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت پیاوێکی بێ لایەن لەسەروی هەموو کارەکانەوە بێت و ئەوەی لەخەیاڵی ئەمەریکاش دایە سەردار پشدەریە.

2. All people in the know in Washington now clearly favour Kurdish independence and support the oil development idea which Sardar Pishdare has put forward.

6. Washington is well aware of the formation of the Mosul Vilayet Council by the tribal leaders in Ankara 10 days ago.

They do not favour this group nor the new parliament. What they want is a non political man at the top, and the man they have in mind is Sardar Pishdare.

The above suggests we give urgent consideration to our stance on Kurdistan.

ئێستا ئەنتۆن کیلەری مافناس و من، هەر یەکەی بەجیا کار بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆژەکەی ویلایەتی موصڵ دەکەین، هەرچەندە مافناسەکە پێم دەڵێ کارەکانم بۆ بەرژەوەندی تۆیە، بەڵام من دەڵێم ئەو کوردانەی کە تۆ پرۆژەکەت پیشکەش کردن، لەناو کوردا خۆشەویست نین و پرۆژەکەیان ناشیرین کردوە.

ئێمە پرۆژەکەمان گەورەتر کردوە لەدابەشکرانی عێراقەوە بۆ دابەشکرانی هەموو وڵاتە داگیرکەرەکان و دروستکردنی کوردستانی گەورە لەرێگای راکێشانی هێڵی نەوت و غاز لە نێوان هەر چوار دەریادا.

سەردار پشدەری   لەندەن    ١٠ – ١٢ – ٢٠١٣




هەوڵەکانمان لە سی ساڵەی رابردووەوە بۆ گەورە کردنی داوای گەلی کورد بۆ یەک گرتنەوەی کوردستان و سەربەخۆیی ئەو نەخشەی بەدیهێناوە کە پانتاگۆنی ئەمەریکا دروستی کردوە.




It is time for the West and the East sport my project for Re-Establishing the Great Kurdistan




It is a time for West and East to soprt my Oil and Gas Pipe Line to connect the 4 Sea by creating the great Kurdistan

بەردەوام کار دەکەین و پرۆژە بەدوای پرۆژە دادەرێژین
بۆ یەک گرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستان